# شەقامە تاریکەکانی وڵاتی باران



ئومێد موحەممەد

ئەمێستا.. ئێوارەی شاعیرێکی غەمبارە
باران کەووشەکانی  کردووە
بە دوو بەلەمی گچکە و
چاوەکانی لە بێخەوی دا
وەکو چاوی خامەیەک ئەدرەوشێنەوە
پەیڤەکان لە ڕیزبوونی شیعرێکا
سەر شێتانە خۆیان کرد بە ماڵی ( ئاو ) ا
غوبار بەری
نیگایانی تەڵخکردووە
زەمەن خوویەکی بێتامە
ئاسمان لە بەرزکردنەوەی
دوعاکان دەستی پەژیوانی هەڵبڕیوە
( مێ ) ینەکان بە تاوانی نەزۆکی
لە دەڤەرێکدا دژی (نێر )ینەکان
ئەچنە پاڵ لەشکری ووشکایی
پیاوان بەنیازی بردنەوەی
گرەوێک لە ژنان
دەخوازن لە کارگەیەکی
بەرهەم هێنانی ئەتۆما
ببنە فەرمانبەر
ڕۆژ بۆ ئەوەی زوو بگەڕێتەوە
بەتوولە ڕێییەکدا گوزەردەکا

پێدەچێ بدرێتە بەر گوولەی جەنگاوەرانی شەو
منالّەکان لە جەنگی ئەم جارەی گەڕەکا
سەرنەکەوتن.!
جارێ شەڕێکی گەورەتریاندا
ئاوێنەکان عەشق لەگەڵ
ئەو پیرێژنانە ئەگۆڕنەوە
کە لە تەمەنەکانی شۆخیان دا
هەموو نهێنیەکانیان بۆ یەکدی چرپاند
ژبەرهەندێ بەو هەموو ئاهانەوە
بەرۆکی ئاوێنەکان دەگرن
پیرێتیان بگەڕێنێتەوە بۆ گەنجی و
سکێجی شێواویان چارەکا
هۆ باران ، هۆ کۆلانەکانی شار
هەنووکە
ئێوارەی چامەیەکی نارنجیە
ئێوارەی  شاعیرێکی غەمبارە
بالای گەلاڕێژە بە فەنابوون
دەستێکی پڕە لە میهرو
دەستەکەی تری پڕە لە دلۆپەی سەفەر
چاوەڕوانی گەشتێکە بێ ئەوەی
بگەڕێتەوە
پێدەچێ
ئەم ئێوارەیە
خۆی باتە دەست وونبوون و
پێدەچێ
خۆی بکاتە هاوڕێی
فیشەکێکی تەمەن کورتی
تازە لە کارخانە فرۆشراو
مەرگ لەم ئێوارەیەدا
جەژنی وەرینی
گوڵێکی سوورە
لەباخچەکەی ( گۆران ) دا
پێدەچێ ئەم ئێوارەیە
منالێک گلۆپی

دارتەلی شەقامێک بشکێنێ و
شاعیرێک
لە تاریکیکەی
ناختانا
خۆی بکوژێ و
شارێک لە ئەوین
بخاتە سەما
شەقام زەماوەندێ ڕێکخا
پیرێژنەکەی دایکی
دەست بکات بە سنگ کوتان و
لاشەی هێندەی تر
شەڵاڵ بێت لە پاکبوونەوە
هۆ تاشەبەردەکان ، هۆ شەپۆلەکان
لە دەمە دەمی فەجرێکا
ماسییەکان بێنە سەر دەریاو
لە کەڕنەڤاڵی کەنار دەریایەکی سورا
بەخوێن ڕژانی شاعیرێ
لەگەڵ ئاوابوونی دووا ئەستێرەدا
لە پوولەکەی سوور پەیکەرێ داتاشن
هۆ کەنارەکانی ئارەزوو
ئەی گوڵەکانی چاوەڕوانی
پەروانە بەفرییەکانی ژان و خەم
ببینن چۆن لە
کورترین زەمەنا
چاوەکانی کاڵ دەبنەوە
مردن هیچ نابێت جگە لەوەستانی
ترپەی دڵێکی گەرم
جگە لە مەینی خوێنی تەڕی
شاعیرێ
جگە لە سوتانی کۆمەڵێک تابلۆ و
ووشەی ڕەنگاو ڕەنگ
مردن هیچ نابێت
جگە لە وەستانی هەناسە درێژەکانی شیعر
هیچ نابێ جگە لە ماڵئاوایەکی ئەبەدی

مالّئاوا ماسییە سوورەکان

مالّئاوا دلّۆپە بارانەکان

مالّئاوا کەووشەکانی غەریبی و دابڕان

مالّئاوا شەقامەکانی تاریکستان

مالّئاوا.. مالّئاوا.!